www.kurdistannet.org
17-11-2007 14:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەڕی براکوژی کارەسات و نەهامەتیەکی نوێ نییە!! ... خاڵەحەمە**

ئێمەی نەتەوەیی لەڕۆژێکەوە خولیای ئازادی و سەربەخۆیی کوردوستانمان کەوتۆتەسەر، خوێن ئەڕێژین و دایکان و باوکانیشمان شینبگێڕن و سینەئەکوتن، لەڕۆژێکەوە بازرگانانی شەڕیش لە پیلانداندان بۆ شێواندن و لەناوبردنی گیانی لەخۆبوردوانەی ئەو ئەکتەرانەی داینەمۆی کارامەو پتەوی ئەو خەباتەن، ڕاستەخۆ یاناڕاستەوخۆ دەستیان لەگەورەییمان وەرداوەو دواهێزوو دواتوانای خۆیان بەکارهێناوە بۆهەڵوەشاندنەوەی ئەوریزە پتەوانەی کەبەخوێن و کاسەسەری شۆڕشگێران گەشەی کردووە بناغەی بۆ دانراوە، وەک ڕۆژیش رووناکە کەتاکی کورد بەرپرسیارنییە لەوداچوون نەهامەتیانەی ڕووبەڕووی بۆتەوەو ئەبێتەوە، مێژووی دەربیسەری و خوێناوی ئەم نەتەوەکۆیلەیە شادەیەکی حاشاهەڵنەگرە کەماڵهەژارانی کورد لانکەیەک بوون بۆ گۆشکردنی ئەو بیروڕایەو بەشی شێریشی بەرکەوتووە لەزەری گیانی و ماڵی، لانکەیەک بوون بۆ پەروەردەکردنی ئەوهەڵۆیانەی هەمیشە بەرزەفڕ بوون، جێگەی داخیشە کەئەم نەتەوەیە



تارۆژگاری ئەمرۆکە سەربەخۆیی بەدەست نەهیناوەو هەرخوێنیشی بۆ ئەدات، بەڵام ئەو ئەنجامە دڵتەزینەش کە شکست لەدوای شکست سەرهەڵدەداتەوە لەخورانەهاتووە، هۆکانیش هێندەزۆرن گەر بنوسرێتەوە میللەتان بەگێل و گەلحۆمان لەقەڵەم ئەدەن، بەڵام بابزانین بۆ گێل و کاڵفام و گەلحویین و وا زووکلاو لەسەرمان ئەنرێت:ــــ

1) دڵپاکی و ساوێلکەیی تاکی کۆمەڵگای ئێمە 2) نەبوونی پرسیار و لێپرسینەوە 3) دەست بگرە بەکڵاوی خۆتەوە تا (با) نەیبا کەئەم پەندە ناجورە زۆربەی شکستەکانی کوردی لەئەستۆدایە 4) نۆکەری وخزمەتکاری لە پێناو کەمی نانی چەورو چەکێکی چاوشۆڕا 5) خۆبادان و سنگ دەرپەڕاندن و سەرکوتکردنی یەکتری کە دوژمن هەمیشە پیلانی بۆ دارشتووە!! 6) خۆشەویستی ماڵ و دارایی و شان و شەوکەتێکی کاتی 7) پابەندبوون بەکورسی و ملکەچی بۆ دەسەڵات 8) کوڕی خۆم ناکەم بە قوربانی کچی خەڵکی کە ئەم پەندەش کەمتر نیە لەوپەندەی پێشوو کەلە خزمەتکردنی دوژمنانماندا خەڵکی لەگەرمەی خەباتدا پەشیمانکردۆتەوە 9) تینەگەیشن گوێ ڕانەگرتن لەیەکتری 10) دوژمنایەتی و تۆڵەسەندن و نە بوونی گیانی لێبوردن 11) بێکەسی و بێ دۆستی کورد وەک نەتەوە کەنەمانتوانیوە سنووری ببەزێنین 12) دەوڵەمەندی چروک ڕەزیلی کوردو نەبوونی بۆرژواو سەرمایەداری کوردی 13) نەبوونی بیری نەتەوەیی و خۆ بەکەمزانین 14) بێدەنگی شەقامی کوردی و ڕازی بوون بەگەندەڵی 15) خزمایەتی وپەیرەوکردنی یاسای جەنگەڵ و خێڵەکی کەتاسەر مۆخ دوژمنایەتی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی ئەکات 16) شەرم و شکۆیەکی بێ بایەخ کە زۆرجار دەبێتە مایەی لەدەستدانی دەستکەوتە گەورەکان و داچوون بەچاڵی نەفرەتا 17) هەژاری و نەدارییەکی زۆر ناجۆرو ماندووبوون بەدوای نان و گوزەرانیدا 18) بێسەوادی و کەمترخەمی 19) دانانی سامان و دارایی لە خەزێنەیەکی داخراودا. 20) نەبوونی خۆشەویستی و خاڵی هاوبەش لە نێوان دەوڵەمەندو هەژاردا ... لەسەرێکیتریشەوە هەمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوهۆکارانەن کەلەبەر دەرگای دەسەڵاتی زاڵدا ئەمانکات بە پاسەوان و شەڕی براکوژیمان پێدەکات، خوێنێکی وەهاشمان پێدەڕێژێ کەدەست بەدەست ئەیگۆڕینەوەو ئەیدەین بەیەکتری بەبێ ئەوەی زەرەوزیانی دەستنیشان بکەین و هەڵوێستێکی کوردانەی لەسەر وەربگرین، زۆرمەحاڵیشە بگەینە دواخاڵی پیرۆزی خۆمان کەسەربەخۆیی کوردوکوردوستانە، تاپەتای براکوژی و پەرستنی سەرۆک و بیری تەسکی حیزبایەتی ریشەکێش نەکەین، تا نیشتمانفرۆشان سزانەدەین، دەستی گەندەڵ و بیری گەندەڵیش لەسەر کورسی زێڕینی یاسا تڕۆنەکەین، بەگەشەکردنی دەسەڵاتی زاڵ و ئەو هۆکارانە، بەدوای سەری یەکتریدا وێڵ و سەرگەردان ئەبین و دوژمنانیش پێکی شەراب لەچاوانی ئێمە هەڵدەدەن و شەکراوی مەرگی گەورەو بچوکمان دابەشدەکەن بەسەر نەوەکانی خۆیانداو نەوەکانی ئێمەش لەخوێن هەڵدەکێشن!!نەفرەت لەئەندازیارو لەسەرۆک و لەڕابەروو شانخوارەکانی شەڕی براکوژی لەهەر بەرەیەکداهەن، خۆت بپارێزەو ئەوشەڕە بۆ (تورک و عەرەب و فارس) مەکە کەلەسەری خۆشت خۆش نابن.....

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی/2007/11/15

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.